

# شیعەیەک

## بانگەوازی نەصرانی و جوولەکەیەك دەکات بۆ

## تەشەیوع!!!


نووسینی

**عبد المبين عبد المجيد**

وەرگێڕانی

**نامۆ عبد الهادي**



www.Gizing.net

بسم الله الرحمن الرحیم

# شیعەیەك

## بانگەوازی

## نەصرانی و جوولەکەیەك دەکات

## بۆ

# تەشەیـــوووووع!!!

نوسینی: عبدالمبین عبدالحمید

وەرگێڕانی: نامۆ عبدالهادی

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيد الأنبياء وإمام المرسلين - سيدنا وإمامنا وحبيبنا ومولانا وقدوتنا محمد بن عبد الله وعلى آله وصحبه أجمعين . اللهم صل وسلم وبارك على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم ، إنك حميد مجيد وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد:

....... جوولەکە و شیعە و نەصرانیەك لە یەکێك لە یانەکانی ماسۆنیدا کە پێشتر هیچ بەڵێنێکی دیاری کراویان بۆ دیدار نەبوو لەگەڵ یەکتریدا و چاویان بەیەکتری کەوت، کەوتنە گفتو و گۆیەکی قوڵ و چڕ و پڕەوە رێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە بۆ نابوت کردن و سەرکوپ کردنی دووژمنی هاوبەشی هەر سێ لایان (ئەهلی سوننەت) هاوکار و یارمەتیدەری یەکتریبن پێ بە پێ هاوسەنگەر و هاوخەبات بن و پاڵبدەن بە بەشانی یەکترییەوە، لەم کاتەدا شیعەکە ویستی ئەم کەش و هەوایە بقۆزێتەوە و ئیستفادە لەم بارودۆخە بکات کە هەڵکەوتووە لەبەرئەوە دەستی کرد بەبانگەوازکردنی هەردووکیان بۆ شیعەگەری و باوەڕهێنان بە تەشەیوع!!

ڕوی کردە نەصرانیە ڕەزا قورسەکە و ویستی شك و گومان بخاتە بیروباوەڕیەوە و دینەکەی خۆی لەبەرچاو سوك و پوچ بکات، پێی وت:

**شیعە:** ئێوە بانگەوازی ئەوە دەکەن کە عیسای کوڕی مەریەم بە داردا هەڵواسراوە و دراوە لەخاچ تا مرۆڤەکان لە گوناهی ئادەم ڕزگار بکات کاتێك لە بەری درەختەکەی خوارد.

**نەصرانی:** ئێوە خۆتان زۆر لەمە سەختر و خراپترتان ئەنجامداوە، وورد بنەوە سەرەنجی خۆتان بدەن ئێوە خۆتان و منداڵ و نەوەکانتان بە چەقۆ و شمشێر و زنجیر لە خۆتان ئەدەن هیچی خۆتان ناهێڵن بەخوا قەسەم ئەم وێنە و کردارەتان زۆر ناشرین و سەرزەنشت کراوە، ئێوە خۆتان لۆمە و سەرزەنشت دەکەن و خۆتان بە شایستەی سزای سەخت دەزانن لەبەر ئەوەی بۆچی باوك و باپیرانتان هاوکار و یارمەتیدەری حسین نەبوون بەتەنیا بە جێیان هێشت... لەبەر ئەوە چ جیاوازییەك لە نێوان ئێمە و ئێوەدا هەیە؟؟

**شیعە:** بەڵام ئێوە لە دینی مەسیحیەتدا زیارۆیتان کردووە و دەڵێن عیسا کوڕی خوایە و (ثالث ثلاثه)یە.

**نەصرانی:** ئێوەش زیادە ڕۆیی و ڕۆچونی زیاترتان کردووە دەربارەی حسین و گشت پێشەواکانی ترتان هەمان کار و کردەوەتان بە شێوەیەکی تر ئەنجامداوە هەتا ئەوەی کە دەڵێن: پێشەواکانتان پێش دروست بوونی جیهان نور بون، وە هەرچیەك کە بووە و دەبێت دەزانن و ئەو شتەشی کە نەبووە ئەگەر ببوایە

دەیانزانی چۆن چۆنی دەبێت، وە ئەوان كات و ساتی مردنی خۆیان دەزانن و بەبێ ڕەزامەندی و ویستی خۆشیان نەبێت نامرن.

**شیعە:** بە هەرحاڵ من بانگەوازی تۆ دەكەم بۆ ئەنجام نەدانی بەندایەتی بۆ عیسا و ناونەنانی منداڵ و نەوەكانتان بە ناوی (عبدالمسیح) چونكە عیساش یەكێك بووە لە بەندەكانی الله.

**نەصرانی:** ئەی ئەوەنیە ئێوەش دەڵێن كە عەلی ووتویەتی: من ڕوی خوام و من لەلایەن خواوەم و من یەكەم و من كۆتایم، نەوە و منداڵەكانیشتان ناو دەنێن (عبدالحسن) و (عبدالحسین) لەكاتێكدا خۆ ئەوانیش هەر بەندەی خوان.

**شیعە:** بەڵام ئێوە ئەوەندەی ئومێد و متمانەتان بە عیسا هەیە بە چارەكی ئەوە بە خواتان نییە، داوا لەو دەكەن بە فریاتان بكەوێت، و گۆڕی قەشە و پیاوە ئاینیەكانتان بە گەورە و پیرۆز ڕادەگرن.

**ئەنصرانی:** ئێوەش هاوار دەكەنە غەیری خوا و دەڵێن: (یا علی) و (یا حسین) نازانم لە چ كاتێكدا هاواری خوا دەكەن؟؟ بە دەوری گۆڕی پێشەوا و پیاو چاكەكانتاندا تەواف دەكەن داوای یارمەتی و كۆمەكیان لێدەكەن و پارە و سامانێكی زۆر لە گۆڕ و چواردەورەكەیاندا بە هەدەر ئەدەن، لەوەش زۆر سەیرتر بانگەشە بۆ ئەوە دەكەن هەركەسێك لە ڕۆژی عەرەفەدا سەردانی گۆڕی حوسەین بكات خێر و پاداشتی (100) حەجی لەگەڵ پێشەوا بەڵێن پێدراوەكەتان (مهدی) دەگاتێ، دەڵێن: گۆڕی پێشەوای موسوڵمانان عەلی خوای گەورە لەگەڵ مەلائیكەكاندا دێنە سەردانی و پێغەمبەرانیش پێشبڕكێیانە بۆ سەردانی گۆڕەكەی.

**شیعە:** ئێوە هێندە عیسا بە گەورە بەڕێز ڕادەگرن بەتەواوەتی لەو بابەتەدا ڕۆچون و زیادەڕۆیتان كردووە تا گەیشتۆتە ئەوەی كە دەپەرستن.

**نەصرانی:** ئێوەش ئەوەندە حوسەین و بەناو پێشەواكانتان بەرز و گەورە و بەڕێز سەیردەكەن هیچ سنورێكتان بۆ گەورەیان نەهێشتۆتەوە، ئەوانتان لە گشت پێغەمبەران بە باشتر و چاكتر دەزانن و دەڵێن: پلە و پایەی ئەوان هێندە باڵایە كە نە هیچ مەلائیكەیەكی نزیك لەخواوە بەو پلەیە نەگەیشتووە نەدەشتوانێت بگات و نە هیچ پێغەمبەرێكی ڕەوانە كراویش نەگەیشتۆتە ئاست و پلەوپایەیان، وە دەڵێن: ئەوان لەهەموو جۆرە گوناهوتاوانێكی گەورە و بچوك و هەڵەیەك پارێزراون هەرچی زانست و زانیاری و پەنهانی ئاسمانەكان و زەوییە دەزانن زانین و دەرك پێكردنەكەشیان وەك زانست و زانیاری قورئانە، دەی ئیتر عیساش لای ئێمە هەروەكو پێشەواكانی لای ئێوە وان.

**شیعە:** بەڵام ئێوە حاڵ و وەزعتان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە دەڵێن: تەنها خۆشویستنی عیسا و باوەڕهێنان بەو بەسە بۆ چونە بەهەشت.

**نەصرانی:** ئێخۆ ئێوەش دەڵێن: خۆشویستنی ئەهلوبەیت ئازادكەری مرۆڤە لە ئاگری دۆزەخ و هیچ تاوانێك لەدوای خۆشەویستی ئەهلوبەیت زیان بەمرۆڤ ناگەیەنێ دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەهلوبەیت وەكو گەڵای دار گوناهو تاوان هەڵدەوەرێنێت و خۆشەویستی عەلی چاكەیەكە كەهیچ تاوانێك زیانی پێناگەیەنێت.

**شیعە:** (دوای ئەوەی كە زۆر تۆرە و بێتاقەت بوو) وتی: ئەی گاور كتێبەكەی ئێوە دەستكاری كراوە دەقی زۆر لێكەم كراوەتەوە و شتی زۆر بێ جێی بۆ زیاد كراوە.

**نەصرانی:** جا خۆ ئێوەش بانگەواز بۆ ئەوەدەكەن كە قورئان  دەستكاری كراوە و هاوەڵان ئایەتیان لێكەم كردۆتەوە و خۆیان ئایەتیان بۆ زیاد كردووە، وە دەڵێن: ئێستا بەهیچ شێوەیەك نوسخەیەكی كامڵ و تەواو قورئانمان لەبەر دەستا نییە مەگەر ئەوەی لای پێشەواكەتان مەهدی نەبێت ئەگەرنا بەهیچ جۆرێك تەنانەت یەك دانەش بوونی نییە لەسەرزەی كە ئەویش پێنج ساڵ دوای لە دایك بوونی لە ژێرزەمینەكەی سامەڕادا خۆی حەشارداوە، لە ڕوانگە و دیدگای ئێوەوە خەڵكی ژیانیان (1400) ساڵە لەسەرگەردانی و سەرلێشێواویدا بەسەر دەبەن.

**شیعە:** ئایا دەبیتە شیعە؟

**نەصرانی:** من لەو بڕوایادا نیم كە ئەم ئیسلامەی ئێوەی هەمان ئیسلامی هەقیقی بێت كە گەورە و بچوك و زانا و زانستخوازان مرۆڤایەتی چوبێتنە ناویەیەوە چونكە من جیاوازیەك نابینم كە لە نێوانی ئێمە و ئێوەدابێت و كەم و كورتی و  پێچەوانیەی و هەڵەكانی ئێوە زۆر لە ئێمە زیاترە، ئایا جگە لە ئێوە گروپ و كۆمەڵێكی تر هەیە كە باسی ئیسلام بكات؟؟

**شیعە:** بەڵێ گروپێكی گومڕا هەیە كە دەرچون لە ئیسلام پێیان دەوترێت (ناصبی) واتە: ئەهلی سوننە، وە من ئاگادارت دەكەمەوە لەوان كە زۆر وریابیت لێیان و فریویان نەخۆیت.

**نەصرانی:** بانگەواز بۆچی دەكەن و چ بیروباوەڕێكیان هەیە؟

**شیعە:** ناصبیەكان دەڵێن: ئەو قورئانەی كە هەمانە و لەبەر دەستماندایە ووتەی خوای پەروەردگارە و تا ڕۆژی دوایی خوا خۆی دەیپارێزێت لە هەر دەستكاریكردن و تێكدانكی، وەها وەصفی خوا دەكەن كە الله خۆی وەصفی خۆی پێكردووە، هیچ كەسێك و هیچ شتێك وەكو ئەو زاتە نییە لەو بڕوایەدان كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە گەیاندنی ئاینەكەی و بانگەوازەكەیدا سەركەوتوو بووە و گشت هاوەڵان لەسەر دینەكەی بون و نەدەستكاری دین و نەدەستكاری كتێبەكەیان كردووە نەهیچیان لێگۆڕیووە نەهەڵیشگەڕاونەتەوە لە دینی ئیسلام وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وەفاتی نەفەرمووە مەگەر تا ئەو كاتەی دینەكەی بەتەواو گەیاندی و كۆتای پێهێنا ئیتر ئاین پێویستی بەهیچ زیادەیەك نییە، وە بێ گوناهی (معصوم)یەت تەنها بۆ پێغەمبەرانە نەك پیاو چاك و پێشەواكان، وە دەڵێن: زانستی خوای گەورە ئەزەلی و

ڕەها و بێ كۆتایە وە تەواف كردن بە دەوری گۆڕدا بە حەرام و خراپ دەزانن ئەگەرچی گۆڕی هەر پیاو چاك و پێشەوا و هەركەسێك بێت.

نەصرانی: (دوای تێڕامانێكی زۆر ورد لەم قسانە) ووتی: ئـــااا زۆر باشە... ئەم دینە هەمان ئەو ئاینە ڕاستەیە كە بەدوایدا دەگەڕام و ئەم دینە ئەوەیە كە پۆل پۆل و دەستە دەستە خەڵكی پێشوازییان لێكردوو و چونە ناوییەوە، چونكە لەگەڵ دەرونی مرۆڤە ڕێك و پێكەكان هەڵدەكات و ڕێنیشاندەریانە.....

كاتێك كابرای شیعە ئەم وتانەی بیست لە كابرای نەصرانی ئیتر بێ ئومێد بوو لێی و ڕووی كردە جوولەكەكە و خۆی لەگەڵ ئەودا خەریك كرد.....

شیعە: ئێوە هەق بە تاریكی و ناهەقی دادەپۆشن و هەقیقەت دەشارنەوە لەكاتێكیشدا كە دەزان ئەو شتە هەقە.

جوولەكە: دەی خۆ ئێوەش دەڵێن: هەركەسێك تەقیە نەكات دینی نییە، بناغە و بنچینەی ئێوە لەسەر درۆ و دووری و دامەزراوە.

شیعە: بەڵام ئێوە دەڵێن الله هەژارە و ئێمە دەوڵەمەندین، وەصفی الله بە نەزان دەكەن و هیلاك دەبێ و پێویستی بە پشوودانە.

جوولەكە: ئێوەش بەدەئتان بۆ خوا بڕیار داوە بانگەوازبۆ ئەوە دەكەن كە الله فەرمانی بە شتێك كردووە دواتر باشترلەوەی بۆ دەركەوتووە پەشیمان بۆتەوە لەو بڕیارە دواتر بڕیارەكەی دەگۆڕێت دەی ئێستا جیاوازی ئێمە و ئێوە چیە؟؟!

شیعە: ئێوە ڕقتان لە جبرەئیلە و قسەی ناشرنی پێدەڵێن و دەڵێن: كە ئەو دووژمنی ئێمەیە.

جوولەكە: ئێ خۆ ئێوەش دەڵێن: جبرەئیل خیانەتی لە ئامانەت كرد هەڵەی كرد كە وەحی هێنا بۆ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەوەی لەسەر ئەو بوو دەبوایە وەحی دابەزاندایەتە سەر عەلی، وە دەڵێن: ئەمین (جبرەئیل) خیانەتی كرد لە حەیدەر وەحی لێسەندەوە و عەلی لەتاواندا سەرگەردان بوو.

شیعە: ئێوە بوختانێكی زۆر نابەجێ و گەورەتان بۆ مەریەمی پاك داوێن كردوو و تاوانباری دەكەن.

جوولەكە: ئێخۆ ئێوەش قسە و بوختانتان بۆ ناموس و شەرەفی پێغەمبەرەكەتان هەڵبەست و كاری خراپ و فاحیشەگەری و زینا دەدەنە پاڵ عائیشە و دەڵێن: ئەو بەكاری زینا و داوێن پیسی (40) دینای كۆكردبویەوە.

**شیعە:** ئێوە خەڵکانی تر بە گێل و ئاژەڵ دەزانن و دەڵێن: دزی کردن لە غەیری جوولەکە هیچ تاوان و گوناهێکی نییە وە زینا و شەڕواڵ پیسی لەگەڵ غەیری جوولەکەدا هیچ سزایەکی نییە وە گەلان و میلەتانی تر لە شێوەی چواپێدا خوای گەورە بۆ ئێوەی دروست کردووە تا خزمەتی ئێوە بکەن.

**جوولەکە:** جالەگەڵ ئەوەی ئێوەدا جیاوزی چیە کە دەڵێن: کە خوێنی ئەهلی سوننە بۆ ئێوە حەڵاڵە و هەرچیەك ماڵ و سامانی ئەهلی سوننەیە بۆ ئێوە نەك حەڵاڵە بەڵکو داگیرکردن و دزینیشی بە خێر و چاکە دەزانن، وە هەموو مرۆڤەکان منداڵی زۆڵ و زینان جگە لە خۆتان ئەهلی شیعە.

**شیعە:** ئایا دێیتە ناو دین و بیروباوەڕی ئێمەوە؟؟

**جوولەکە:** (بە دەنگی بەرز هەتا توانی قاقای لێدا و پێکەنی) و ووتی: دینی ئێوە بە دەستی ئێمە درووست کراوە، ئەی بیرتان چۆتەوە کە (عبدالله)ی کوڕی (سباء) لە ئێمە بوو بە ساختە و درۆ مسوڵمان بونی خۆی نیشان داو دواتر ئێوەی فریودا، وە یەکەمین کەسێك بوو کە باوەڕی بە ئیمامەتی عەلی بوو بانگەوازی بۆ پێشەوایەتی عەلی کردوو ووتی: عەلی میراتگری پێغەمبەرە وە یەکەمین کەس بوو کە دووژمنایەتی و کینەی بەرامبەر ئەبو بەکر و عومەر نیشاندا و ڕاگەیاند، وەکارێکی وەهای لەگەڵدا کردن کە نەفرەتکردن لەوان و گشت هاوەڵان بە خێر و چاکە بزانن و وابزانن بەوە لە خوا نزیك دەبنەوە، ئیتر چۆن چۆنی داوا لە من دەکەیت کە دین و بیروباوەڕێك هەڵبژێرم کە درووستکراوی دەستی خۆمان بێت و من بۆ خۆم زۆر چاکتر و باشتر لە تۆ ئاگاداری پوچی و خراپەکاری و فەسادیەکەیم.....هاهاهاها

## وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم




مافی لەبەرگرتنەوەو بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی پێگەی گزنگ پارێزراوە

بۆ هەموو موسوڵمانێك